## پێشەکی

ساڵی ١٩٩١ کوردێکی جوولەکەی هەست پاک و دڵسۆز بە نێوی "ساسۆن " لە وڵاتی ئیسرائیل ڕا، یەکەم نامەی بۆ گۆڤاری "مامۆستای کورد" دەنێرێت و لەو نامە کورتەدا خۆی دەناسێنت. وادیارە لە کوردستان لە دایک بووە و دوای تێپەڕبوونی تەمەنێک کۆچی کردوە بۆ ئیسرائیل.

ساسۆن دوای ساڵێک نامەی دووهەمی خۆی بۆ گۆڤاری مامۆستای کورد دەنێرێت و خۆشحاڵی خۆی سەبارەت بە تێکۆشانی ئەم گۆڤارە زۆر بەجوانی دەنووسێت.

ساڵی ١٩٩٣دوا نامەی خۆی لەگەڵ وتارێک بە نێوی "کوردە جوولەکەکانی ئیسرائیل" بەم گۆڤارە دەنێرێت. ساسۆن لەم وتارەدا بە زمانی زۆر سادە و ڕوان، بە کورتی باسی مێژووی جوولەکان، دروست بوونی دەوڵەتی ئیسرائیل، کۆچی کوردە جوولەکەکان بۆ ولاتی ئیسرائیل، شێوەی ژیانیان و وەزعی ئابووریيان لەم وڵاتە، زمان و فەرهەنگی کوردە جوولەکەکان لە ئیسرائیل و... دەکا.

من کە زانیارێکی کەمم لە بابەت کوردە جوولەکەکان ئیسرائیل هەبوو ئەم وتارە بۆ من زۆر سەرنج ڕاکێش بوو، دیسان نووسیومەوە و لەگەڵ چەند وێنە کە لە سایتی ئینترنتی کوردە جوولەکەکان وەرگیراوە بۆ ئێوەی بەرێزم ئامادە کرد کە هیوادارم بە دڵتان بێت.

سپاس و ڕێزی زۆر بۆ هاوکاری سیمین ئیفتیخاری.

فارووق فەرهاد

٢٠٢٣/١٢/٢٧

